www.kurdistannet.org
6-2-2007 18:38 بەكاتی ناوەندی ئەورووپا

## كورد و دڵدار و (ئەی ڕەقیب) ... سورەمەرگەیی

بەدرێژایی مێژوو شیعری (ئەی ڕەقیب) خاڵی ناكۆكی نێوان كوردو ڕەقیبەكانی بووە، ئەو خاڵە ناكۆكەش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە كەڕەقیبەكانی كورد بەردەوام لەهەوڵی نەمانیدا بوون، لەبەرامبەریشدا كورد لەوڵامی ئەو دڵ ڕەقیەی ڕەقیبەكانی، هەوڵی سڕینەوەی ئاسەواری نەتەوایەتی، هاواری كردوە (ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی كوردزوبان) .

شیعری ئەی (ڕەقیب) جگەلەوەی زیاتر لەنیو سەدەیە گوللەی ئاگرینەو سینگی داگیركەران دەسمی، تێشوی كۆڵی پێشمەرگەو شۆڕشگێڕانیش بووەو لەڕۆژانی سەخت و سەرهەڵداندا هاوڕیو هاندەر بووە. دوژمنان زۆر جار بەبیانوی جۆراو جۆر هێزو بیری كوردایەتیان لەت لەت كردووەو بەگژ یەكتریاندا كردۆتەوە، بەڵام (ئەی ڕەقیب) بۆتە هۆكاری یەكخستنەوەی ئەو هێزو بیرە و، پیلانی دوژمنانیشی لەگۆڕناوەو سەر لە نوی كۆشكی هیواو ئاواتی بۆ كورد دارشتۆتەوە.

یەكێك لە هۆكارە سەرەكیەكانی نەگەیشتنمان بەخواستە نەتەوەییەكان دڕدۆنگی و ناتەبایی نێوان ڕیزەكانمان بووە، بەردەوام تێڕوانینی جیا جیامان هەبوە بۆ كێشەكان، بەڵاَم شیعری (ئەی ڕەقیب) لەخۆشی و ناخۆشیدا سرودی هەمومان بوە، لە هەورازو نیشێوی خەبات و سەرهەڵداندا گۆچانی دەستمان بووە.

لەو ڕۆژەوەی چوار هێڵی ئاگرین جەستەی كوردستانە كەی داخ كردین، تەنها مەلا مستەفای بارزانی و شیعری ئەی ڕەقیب بەبی ڕەزامەندی دوژمنان و پەساپۆرتی سەر لەقاندن ئەم دیوەو دیویان كردووەو دریان بە سنوری ڕەقیبەكانی كورد داوەو مێژوو خەبات و فەرهەنگ و كولتووری لێك ترازاوی كوردیان ئەڵقەبەندی یەكتری كردۆتەوە.

دڵداری گەورە شاعیرو نیشتمان پەروەری كورد لەیەك دێڕە شیعری (ئەی ڕقیب) دا تەواوی مێژوی كوردو ڕقیبەكانی

نوسیوە تەوە، كە دەفەرموی:

ئێمە ڕۆلەی ڕنگی سورو شۆڕشین

سەیریكەن خوێناویە ڕابردومان

دڵدار كەدەڵێ: (ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سورو شۆڕشین) ئەوە ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو شۆڕشانەی كەڕویان داوە یان لە مەو دوا بۆ بەدەست هێنانی مافە زەوت كراوەكانمان ڕوو دەدەن، دوا تریش دەڵێ: (سەیریكەن خوێناویە ڕابردومان) ئەوەش ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو خوێنەی بەدەستی داگیر كەران لێمان ڕژاوە.

مێژوی كورد لەسەر دوو ستون وەستاوە، لەكورد شۆڕش كردن و لە داگیركەرانیش خوێن ڕشتنی، شیعری (ئەی ڕەقیب) بەردەوام دوژمنانی لە خەوی غەفڵەت و مەستی لە ناو بردنی كورد ڕاپەڕاندوە، ئەو بەر بەستە نەتەوایەتیەش بوە كە دەیان جار لوتی دوژمنانی شكاندوە و بەسەر پاشوانی داداونەوە.

ئەی ڕەقیب ئەو چەكە دژە پیلانەبوە كە سنورە دەستكردەكانی بڕیون، دوژمنانی كوردیشی بەشێوەی زانستی شۆڕشگێری ناساندون، هەر بۆیەش نەیان توانیوە لەدەست كوردی دەر بێنن، بەوەش باڵانسیان تێك چووە و بەبڕیاری فەرمی هەرچوار داگیر كەری كوردستان گوتن و بیستنی لەكورد یاساغ كراوە.

دوژمنان چەندی بۆیان كرا دژایەتی (ئەی ڕەقیب) یان كرد، سەرەنجام بەزین و بەچۆكدا هاتن، دوای ئەوەی لەجەنگی ڕوو بەڕو پێی نەوێران، بە پیلانێكی نەخشە ڕیژ هەولیان دا خۆمانی بەگژدا بكەنەوە، بۆو مەبەستەش بەبیانوی بەسەر چونی قۆناغی خەباتی چەكداری و ڕزگاری نیشتمانی و هەندی بیانوی قەڵبی تر، كەوتنە وروژاندنی گۆڕینی و دانانی شیعری كۆشك و تەلار لەشوێنی، ئای! ئەوانە چەند گێل و دەبەنگن، ئای! ئەوانە عەقڵی نەتەوایەتیان چەند نوقسانە..! ئەوانە پێیان وایە شیعری (ئەی ڕەقیب)

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
6-2-2007 18:38 بەكاتی ناوەندی ئەورووپا
تەنها شیعری باشوری كوردستانە و نازانن شیعری كوردستانی گەورەیە و ئێستاش لەو شوێنانە تفەنگ و ئەی ڕەقیب بەڕوی دوژمناندا دەتەقن و دەگوترێن، ئەوانەی لە پشت ئەو پیلانەش بوون لە خەجاڵەتی نەتەوایەتی زیاتر هیچیان پێنەبڕا. دوای ئەوەی ڕەقیبانی (ئەی ڕەقیب) لەو هەوڵەش سەر كەوتو نەبوون، كەوتنە شێواندنی شیعرەكە و تێكدانی گۆڕی دانەرە بیر تیژوو عەقڵ ڕەنگینەكەی، لەوەش لەكۆسپی نەتەوەیی هەلەنگوتن و دڵدارو ئەی ڕەقیب وەك زێڕی تەواو عەیاری كوردایەتی لەناو قوڕو لیتاوی پیلان و ئاژاوە گێڕی درەوشاوەتر دەركەوتن.

(ئەی ڕەقیب) ئەو شیعرە نیە لەسەر كێلی دڵداری جوانەمەرگ نوسرابی، ئەو شیعرەیە، لەسەر كێلی دڵی چل ملیۆن كورد نوسراوە.

ئەو شیعرەیە بەسەر چل ملیۆن زماندا گوزەر دەكات.

ئەو شیعرەیە چل ملیۆن پێشمەرگەی هەیە.

وتمان: كوردو دڵدارو (ئەی ڕەقیب) ..!

كێ هەیە دەست بەرداری دڵداری خۆی بێ؟

ئەوەتا كوردو (ئەی ڕەقیب) دڵداری یەكترین و نیو سەدەیە لەناو سەنگەری بەرەنگار بونەوەدا جێژوانیان گرتووە، تا دڵدار ئەڵقەی نێوان كوردو (ئەی ڕەقیب) بێ بەیەكەوە دەژین و بەیەكەوەش دەمرین.

گەورە شاعیر لەژیاندا براوە بووی، بەبراوەییش سەرت نایەوە، لەگۆڕیشدا هەر براوەی، كێ دەتوانی شێعرەكەت لەكورد بستێنی؟ یان كورد لەشیعرەكەت بستێنی؟كێ دەتوانی شەرەفی نەتەوایەتی لەشیعرەكەت وەرگرێتەوە؟ چۆن شیعرێك دەشێوێندرێ كەچل ملیۆن مرۆڤی كورد پێشمەرگەی بێ و بیلێنەوە، چۆن گۆڕی شاعیرێك تیك دەدری كەنیشتیمانێك گۆڕەكەی بێت؟. گوی مەدە بەندو بالۆرەی دوژمنان و هەستە سەرپێ، بڕۆ سەرگڵكۆی بارزانی و پێی بڵێ: لەمن شیعری (ئەی ڕەقیب) و لەتۆش ئاوازی كوردایەتی و سەرهەڵدانی بێ پشوو، ئێمەش چل ملیۆن كورد كۆرسین و لەدواتەوە دەیلێینەوە دواتر بڕۆ مهابادی قازیو پێی بڵێ: لەمن شیعری (ئەی ڕەقیب) و لەتۆش ئاوازی هەڵكردنی ئاڵا، ئێمەش چل ملیۆن كورد لە دواتەوە لە دەوری ئاڵاو (ئەی ڕەقیب) ڕیز دەبەستین، لەوێشەوە بڕۆ دیار بەكرو بەشێخی پیران بڵێ: لەمن شیعری (ئەی ڕەقیب) و لەتۆش ئاوازی غەدرو بەڵێنی درۆی داگیر كەران، ئێمەش چل ملیۆن كورد لەدواتەوە نەفرەت بارانی ڕەقیبانی تۆو (ئەی ڕەقیب) ە كەت دەكەین.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.